نێچیرڤان بارزانی: پێشوازی لە ڕکەوتنەکەی هەسەدە و دیمەشق دەکەین

نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا پێشوازی لە ڕکەوتنەکەی نێوان هەسەدە و حکومەتی دیمەشق دەکات و رایدەگەیەنێت، "ئەم هێکەوتنە زەمینەیەکی بەهێز بۆ سەقامگیری، ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتەکان دەکاتەوە".

نێچیرڤان بارزانی لەپەیامێکدا باوێکردەوە، "پێشوازی و پشتیوانی لە هێکەوتنی نێوان حکومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) دەکەین بۆ هاگرتنی شەڕ، تێکەڵکردنەوەی دامەزراوەیی سەربازی و کارگێڕیەکان، مسۆگەرکردنی مافە مەدەنی و پەروەردەییەکانی گەلی کورد و گەلانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەم هێکەوتنە هەنگاوێکی گرنگ و دروستە بەرەو ئاستەی چارەسەری ئاشتیانە و کۆتایهێنان بە ئاڵۆزییەکان، ئەمەش هەمیشە جەختمانکردوەتەوە کە دیالۆگ، لێکگەیشتن و هاگەچارەی سیاسی، تاکە دەرچەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەردەوام کە لەبەرژەوەندیی هەمو لایەکدا بێت".

نێچیرڤان بارزانی دەشێت، "ئەم ڕێککەوتنە زەمینەیەکی بەهێز بۆ سەقامگیری، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان دەکاتەوە، هیوادارین ببێتە مایەی بنیاتنانەوەی سوریایەکی یەکگرتو، پاراستنی مافەکانی گەلی کورد و هەمو پێکهاتەکان لەڕ دەستوری داهاتودا و بەدیهێنانی ئارامی بۆ سوریا و ناوچەکە بەگشتی".